# لصوص رمضان

# دزەکانی رەمەزان

## اللغة الكردية – زمانی کوردی

## شيخ هيثم سرحان – شەیخ هەیسەم سەرحان

مافی چاپکردن و بڵاوکردنەوە رێگەپێدراوە بۆ هەموو موسڵمان

http://sarhaan.com http://MAHADSUNNAH.COM

# دزەکانی ڕەمەزان

لە گەڵ نزیك بوونەوەی مانگی ڕەمەزاندا بازاڕەکانی موسڵمانان پڕ دەبن لە جۆرەکانی خواردن و خواردنەوە , وە پێداویستییەکان و خەرجییەکان زیاتر دەبن , وە ڕکابەری کەناڵە ئاسمانییەکان زیاتر دەبێت و زۆرێك لە خەڵکی بە دوای نەخشەی پێشبڕکێ و زنجیرە فلیمەکاندا دەگەڕێن , وە بینەران زیاتر سەرسام دەبن ئاخۆ ڕوو لە کام شاشە بکەن و کام زنجیرە فلیم هەڵبژێرن , چەندین شتی سەرقاڵی کەر و بەربەست و پلاندانان لە ڕەمەزاندا هەیە , وای لێ دەکات کە ماناکەی بەتاڵ دەکاتەوە و مەحرومت دەکات لە بەرهەم و فەزڵەکانی و دەبێتە بەربەست لەبەردەم خشوع و بیرکردنەوە لە نوێژەکانیدا , بۆیە سەلەف ئەگەر بچوایەنەتە ناو ڕەمەزانەوە ئەوا سەرقاڵبوون بە دونیاو شەهوەتەکانیان کەم دەکردەوە , وە ڕوویان دەکردە داواکردنی پاداشتی دوارۆژ , بۆیە دەیانبینی لە شەواندا کەم دەخەوتن و لە سەحەردا داوای لێخۆشبوونیان دەکرد , وە خواردن و خواردنەوەیان کەم دەخوارد و بە هاوڕێتی قورئان دەژیان , بۆیە وریابە هۆکارەکانی سەرقاڵبوونی دونیا سەرقاڵت نەکات و شەهوەتەکان و دزەکانی ڕەمەزان بۆ لای خۆیان نەتبەن و سەرقاڵت نەکەن لە قۆستنەوەی ئەم مانگە پیرۆزە .